### فاتیح شێخولئیسلام بۆ هەرێمی کوردستان:

# فەشەلی ستراتیژی ئەمریکا راستییەکی حاشا هەڵنەگرە



**فاتیح ناوێکی دیاری نێو بزووتنەوەی سیاسیی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانەو بە یەکێک لە کۆڵەگەکانی بیری چەپ لە ئێراندا دەژمێردرێت، ماوەیەک لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران(کۆمەڵە) کاری کردووەو ئێستاش لە حزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێرانەو خودان تێڕوانینی جیاوازە بۆ بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و کەسایەتییەکی دیارە، زۆربەی جاران پێشبینیی رووداوەکانی کردووەو پێشبینیەکان هاتوونەتە دی.**

**لەم دیمانەیەدا بەڕێزیان لەسەر گرنگترین مەسەلەکانی پەیوەست بە ناوچەکەوەو پلانی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوین و پڕۆژەکەی بیکەر- هاملتن و زۆر رووداوی دیکە بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:**

**دیمانە: نامق هەورامی**
namqhawrmy@hotmail.com

(١)

*** ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتی سەربازیی لەبری هێزی دیپلۆماسییەت بەکار دێنێت، ئێستە ئەوە بوەتە قەیرانێکی گەورە بۆ ئەمریکا وبەرەو فەشەلی دەبات،پێشتر جەنەڕاڵێکی سەربازیی وەک کۆڵن پاوەڵ و ئێستاش خانمێکی وەک کۆندالیزا رایس کە زۆرتر میلیتاریانە بیر دەکاتەوە نەک وەک دیپلۆماتکارێک ،ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی ئەو قەیرانەیە کە ئەمریکای تێکەوتووە ،هێزی دیپلۆماسی یان دیپلۆماسیەتی هێز کامیان بەکەڵکی ئەمریکا دێن لەم بارودۆخەدا هەڵیانبژێرێت؟**

قەیران و بەرەو فەشەل چوونی ستراتیژی میلیتاریستی ئەمریکا راستیەکی ئاشکرایە هەموو دونیا باسی دەکات. دەسەڵاتدارانی ئەمریکاش، چ ئیدارەی بووش و کۆمارخوازەکان و چ دێمۆکراتەکان، بەهەڵەداوان وێڵن بۆ دۆزینەوەی رێگای دەرباز بوون لەو قەیرانە و هێشتاش لەسەر هیچ شتێک ساغنەبوونەتەوە. گرووپی بیکەر- هاملتن و راپۆرتەکەی، ئاسەوارێک و بەڵگەیەکی ئەم فەشەلهێنانەیە و هەوڵدانێکی هەر دوو حیزبی کۆماری خواز و دێمۆکراتیشە بۆ چارەسەر کردنی قەیرانێک کە تووشی هاتوون. بەڵام راپۆرتەکەی بیکر- هاملتن، لەجیاتی رێ نیشاندەر بێ، خۆی بوەتە سەربار و سەرێشەی زیاتر و قەیرانەکەی قووڵتر کردووەتەوە. بە شوێن بڵاوبوونەوەی ئەو راپۆرتەدا سەرلێشێواویەک بە سەروچاوی ئەمریکا و هاوپەیمانانیەوە بە زەقی دیارە، ناتوانن دوو هەنگاو ئەولاتری جێ پێی ئێستایان ببینن. باریان وەها لێ ئاڵۆزاوە کە بووش راگەیاندنی سیاسەتی تازەی لە عێراق بۆ دوای پشووی سەریساڵ و دەست بەکار بوونی دێمۆکراتە سەرکەوتوەکان وەدوا خست تا بتوانێ لە هەڵوێستی رەسمی ئەوان ئاگادار بێ.

فەشەلهێنان و سەرلێشێواوی گشتگری بەرەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بۆشاییەکی سیاسی لە ئاسی جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێکهێناوە کە بواری بۆ زۆرێک رەوت و لایەنی جۆراوجۆر کردوەتەوە کەوا بە ئەڵتەرناتیڤی خۆیانەوە بێنە مەیدان و هێز کۆ بکەنەوە و بەمەش لە ئاکامدا کێشەکان بەرینتر و قووڵتر دەبنەوە.

لە ئاستی جیهاندا یەکیەتی ئۆرووپا (ئێستاکە بەتایبەت تەوەری فەڕەنسا - ئیتاڵیا - ئەسپانیا)، رووسیا و چین خەریکن خەتی خۆیان لە مەداری ستراتیژی ئەمریکا دوورتر دەخەنەوە و هەوڵ دەدەن بۆشایی حاسڵ لە قەیرانی ستراتێژی ئەمریکا پر بکەنەوە. جگە لە جموجووڵی فەڕەنسا و ئیتاڵیا لە لوبنان و فەلەستین، پاش دیدار لەگەڵ ئانجێلا مێرکڵ سەرۆک وەزیری ئەڵمانیا، بووش پێشنیاری ئەوی بۆ دەستبەکار کردنەوەی لیژنەی چوارلایەنە (ئەمریکا، ئۆرووپا، رووسیا، un) لەسەر کێشەی فەلەستین قبووڵ کرد. ئەمریکایەک کە چوار ساڵە بە خەیاڵە یەکلایەنە پرۆژەی "رۆژ هەڵاتی ناوەراستی گەورە"! بەرێتە پێش، ئێستا ناچارە ئۆرووپا و رووسیا لە پرۆسەی چارەسەری کێشەی فەلەستیندا بەشدار بکات و هەرچەندە هێشتا بەشداربوونیان لە کێشەی لوبنان و عێراقدا رەت دەکاتەوە بەڵام دواتر لەوانەیە بەناچار ئەوەش قبووڵ بکات. ئەمە حاسڵی قەیرانی ستراتیژی ئەمریکایە و گرفت ئەوەیە کە بەمەش کێشەکان چارەسەر نابن، ئاڵۆزتر دەبن.

لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە لایەک سەربزواندنی بەهەڵپەی ریزەکانی ئیسلامی سیاسی دەبیندرێ، لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و گرووپە شیعەکانی عێراقەوە تا حیزبوڵای لوبنان و حەماس، لەولاشەوە وەخۆکەوتنەوەی رەوتی جۆربەجۆری ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتە عەرەبەکان کە هەر دوو لایەنی ئەم جموجۆڵانەش مۆری بەرزەخ و بۆشایی سیاسیی ئێستای پێوە دیارە.

سەرجەم ئەم دیاردانە دەلالەت لەوە دەکەن کە قەیرانی ستراتێژی ئەمریکا ئاڵوگۆڕێکی جیهانی گرنگ بەدوای خۆیدا دێنێ و بە رای من هەر لە ئێستاوە دیارە کە بووەتە خاڵێکی وەرچەرخان و سەرەتای کۆتایی سەردەمێک کە بە شەڕی خەلیج دەستی پێ کردوە. ئەمە بەو مانایە نیە کە بەتەما بین وەزعەکە لە جاران باشتر بێ، لەوانەیە بۆ ماوەیەک لەمەش کە هەیە خراپتر بێ.

بەڵام ئەم ئاستە لە باس و وردبوونەوە هێشتا هەر ئاستی فەکت و دیاردە رۆژانەکانە کە بینینیان بۆ هەموان ئاسانە و رەنگە تا رادەیەکیش چونیەک بێ. گرنگتر بە لای منەوە بینین و تێگەیشتنی ئەو رەوەندە بنەرەتی و بەردەوامانەیە کە لە پشتەوەی دیاردەکانن و رەوتی رووداوەکان دیاری دەکەن. لەم ئاستەدا ئیتر بۆچوون و لێکدانەوەکان زۆر لێک جیا دەبنەوە. بۆ وێنە بۆچوونی من لەگەڵ زۆربەی ئەو بۆچوونانە کە تا ئێستا لە میدیای کوردی زمان دیومن جیاوازە. داوا لە خوێنەران دەکەم بە کراوەییەکی زیاترەوە سەرنجی بۆچوونەکان بدەن. ئەوەی ئەم رۆژانە پێویستە پێ

چەقاندن لەسەر قەناعەتەکانی پێشوو نیە، کراوەیی و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی قەناعەتەکانە بەپێی تایبەتمەندی هەلومەرجە تازەکان. لە کوردستان ئەوەی ئێستا زۆر پێویستە پێداچوونەوەی رەخنەگرانەی ئەزموونی شانزە ساڵ دەسەڵات و کێشەی دەسەڵاتی دوو حیزبی سەرەکی کوردایەتیە، لە بەر رۆشنایی هەڵوێست و سیاسەتی ئێستایاندا بەرامبەر بەو ئاڵوگۆرە بنەڕەتییە کە لە عێراق و ناوچە و جیهاندا چاوەروان دەکرێ، بەتایبەت نەوەی نوێ، گەنجان و خوێندکاران، کە بە شەوق و بە وردی بۆ وەڵامی دەیان پرسیار دەگەڕێن کە زەینیان دەورۆژێنێ، پێویستە بەرانبەر بە روانگە باوەکان، بایەخ بە روانگەی مارکسیستی بدەن بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەو ئاڵۆزییە کە میلیتاریزمی ئەمریکا بۆ جیهان و ناوچەکە و عێراق و کوردستانی ناوەتەوە.

ستراتێژی ئەمریکا لەدوای رووخانی سۆڤیەت و نەمانی سیستەمی دوو بلۆکی جیهانییەوە هەتا ئێستا، لەسەر پایەی میلیتاریزم و شەرەنگێزی دامەزراوە، نەک هەر بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەڵکوو بۆ جیهان بەگشتی. لە چوارچێوەی ئەم ستراتێژیەدا "سیاسەتی سەربازی" بەردەوام جڵەوی دیپلۆماسی بەدەستەوە گرتوە و تەواو بەسەریدا زاڵ بووە. بۆ ئەمریکا دیپلۆماسی بەشێکە لە شەر و لە ستراتێژی میلیتاریستی (کە ناویان ناوە: زەربەی پێشگیرانە ( pre-emptive strike )، بەتایبەت لەم ساڵانەدا دیپلۆماسی بۆ ئەمریکا قەت ئەڵتەرناتیڤی "سیاسەتی سەربازی" نەبووە بەڵکو پەیرەو و تەواوکەری بووە. لە زۆربەی کێشمەکێشەکانی ئەم ساڵانەدا، ئەمریکا هەتا بۆی لوابێ دەستی بۆ دیپلۆماسی و رێگای سیاسی نەبردوە. نومایشگای هەرە زەقی ئەم ستراتێژیە شانۆی خوێناوی عێراقە. ئەمریکا گوێی نەدایە دژایەتی یەکپارچەی ئەنجومەنی ئاسایش، گوێی نەدایە بەرینترین ئیعتیراز و نارەزایی مێژووی بەشەر پشتی لە سەرجەم رێگا سیاسیەکان هەڵکرد و رێگای هێرشی سەربازیی هەڵبژارد. ئەو کارەشی ئەم کارەساتەی لێکەوتوەتەوە کە عالەم دەیبینێ: ماڵوێرانکردن و خەڵتانی خوێنکردنی ملیۆنەها کەس لە خەڵکی عێراق، بووژاندنەوەی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی عەرەب، چاندنی چەند بەرەیەکی مەزهەبی و قەومی و رق و شەر و کوشتاری بێ ئەوپەڕ و لە ئەنجامیشدا ئەو قەیرانە کە خۆی و هاوپەیمانانی تا ئەژنۆ تێی چەقیون!

ئەنجومەنی ئاسایش و سەرجەم سیستەمێک کە پێی دەڵێن "کۆمەڵگای نێودەوڵەتی"! تا ئەو کاتە بۆ ئەمریکا جێی ریزلێنانە کە هەرچی ئەو قەراری لەسەر داوە بۆی مۆر بکا. زۆر جار بۆی کردوە. هەر جارێکیش نەیکردبێ، ئەمریکا گوێی نەداوەتێ و ملهورانە رێگای میلیتاریستی خۆی هەڵبژاردوە. بەمەش گەلێک گیروگرفت و سیناریۆی خویناوی لەملاوئەو لای دونیا خولقاندوە.

هۆی هەڵبژاردنی ستراتێژی میلیتاریستی لە لایەن ئەمریکاوە چیە؟ ئەم ستراتێژیە، سەربەخۆ لە قوپکەی سەرشانی ژەنەراڵ کۆلین پاوڵ و بیرکردنەوەی میلیتاریانەی کۆندۆلیزا رایس و کاراکتەری شەخسی بووش و مەیلی فیکری نئۆکۆنسێرڤاتیڤەکان، بەرهەمی پێویستی ئەم سەردەمەی بورژوازی ئەمریکایە بەوەی باڵادەستی خۆی بەسەر دونیادا بسەپێنێ. مەبەستی دەسبەسەرا گرتنی زۆرترین بەشی سەروەت و سامانی حاسڵ لە چەوسانەوەی چینی جیهانی کرێکارە، لە رکابەری لەگەڵ رەقیبە جیهانیەکانیدا یانی: یەکیەتی ئۆرووپا و رووسیا و چین و ژاپۆن و لە پلەی خوارتردا چەن بلۆکێکی ناوچەیی وەک ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵیتی ناوەراست و چەن وڵاتێکی ئەمریکای لاتین.

ئەمریکا، وەک وڵاتێکی ئەمپریالیستی گەورە و پێشکەوتوو لە باری سەرمایە و تەکنۆلۆژیەوە، لەم سەردەمەدا پێویستی بەوەیە کە سەرکردایەتی خۆی بە زۆری چەک بەسەر باقی جیهاندا بسەپێنێ. بۆچی بە زۆری چەک؟ چونکە ناتوانێ ئەو سەرکردایەتییە بە یارمەتی باڵادەستی ئابووری تەئمین بکا. دەمێکە ئابووری ئەمریکا لە هی بەشێک لە رەقیبەکانی لەدواترە. بەڵام هێزی سەربازیی لە سەروو هەموویانە. ئەمریکا دەیەوێ بە زەبری خاڵی بەهێزی سەربازی، خاڵی لاوازی ئابووری بەجێماوی قەرەبوو کاتەوە و باڵادەستی خۆی بسەپێنێ تا لە خیلالی دە - بیست ساڵدا بە یارمەتی باڵادەستی سەربازی سەرەنجام باڵادەستی ئابووریش دەس بخاتەوە.

لە دونیای دوای رووخانی سۆڤیەت و نەمانی سیستەمی دوو بلۆکی جیهاندا، بۆشاییەک لە سەرووترین ئاستی دەسەڵاتدا پێکهات. لە سەردەمی باڵاترین ئاستی جیهانی بوونی ئابووری سەرمایەداریدا، کە هەر رووداوێکی گرنگ لە هەر شوێنێکی دونیا کار دەکاتە سەر ئابووری و سیاسەتی باقی دونیا، بۆشایی دەسەڵات رێی بەندە و دەستبەجێ بانگی هێزێکی گەورە دەکات وەلێمی پێ بداتەوە و پری بکاتەوە، ئەو کات و ساتە جگە لە ئەمریکا هیچ هێزێک ئامادە نەبوو وەڵامی ئەو بۆشاییە بداتەوە. لە جەنگەڵستانی ململانەی دەسەڵات لە سیستەمی سەرمایەداریدا، بورژوازی و دەوڵەتی ئەمریکا (بە کۆماریخواز و دێمۆکراتەوە) بە مافی بێ گەزافی خۆی زانی کە پاش نەمانی سۆڤیەت، ببێتە ئاغای تاقانەی دونیا و هەوڵ بدا ئارایشی سیاسی و نێودەوڵەتی سەرانسەری دونیا بە پێی قازانج و بەرژەوەندی خۆی دابرێژێتەوە، بەجۆرێک کە تێیدا سەروەری و باڵادەستی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی ئەمریکا و لە ئەنجامیشدا باڵادەستی ئابووری بورژوازی ئەمریکا، هەتاهەتا بەرهەم بێتەوە و تەئمین بکرێ. ئەم ستراتێژیە ناو نرا "نەزمی نوێی جیهانی" و سەرەتاش زۆربەی دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان سەرکردایەتییان بۆ ئەمریکا سەلماند بە پێی ئەو قەناعەتە کە ئەگەر وا نەکەن تێکە و لێکەیەکی جیهانی و کەس لە کەسێکی بێ سنوور پەراوپەری دونیا دادەگرێ.

دواتر لە لایەک بۆ ئەمریکا ستراتێژی میلیتاریستی بەو جۆرە کە بیری لێ دەکردەوە نەچوە پێش، لەو لاشەوە رەقیبە جیهانیەکانی هاتنە پێشتر. ئەم دوو رەوتە وایان کرد کە رەقیبەکان چیتر مل بۆ سەرکردایەتی تاقانەی ئەمریکا رانەکێشن و داوای بەش بکەن لە سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی جیهان و لە ئارایشی نێودەوڵەتیدا. دژایەتی هەموو دەوڵەتە گەورەکان (جگە لە بەریتانیا) بەرامبەر بە پلانی ئەمریکا بۆ شەڕ لە عێراق، خاڵێکی گرنگ بوو لە گۆرانی باڵانس لە ناو دەسەڵاتە ئەمپریالیستەکاندا و خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە پرۆسەی شەڕەنگێزیی ئەمریکادا بۆ داسەپاندنی باڵادەستی خۆی. رەقیبان و موخالیفانی سەرکردایەتی تاقانەی ئەمریکا، وتیان فەرموو بە بێ مۆری ئێمە و مۆری ئەنجومەنی ئاسایش شەڕی عێراق بکە، بزانین بە کوێ دەگەی!

ئێستا ستراتێژی میلیتاریستی ئەمریکا (بە رابەری نئۆکۆنسێرڤاتیڤەکان) لە بونبوستێکی کوشەندە چەقیوە. لە ئاکامدا سەرجەم رەقیبە جیهانی و ناوچەییەکانی ئەمریکا سەریان بەرز کردوەتەوە و هەست دەکەن نۆرەیانە گورزیان بوەشێنن، بەشی خۆیان بەدەس بێنن و بەرژەوەندی جیاوازیان بچەسپێنن. لە ناوخۆی ئەمریکاشدا دێمۆکراتەکان لە پاڵ ئەوەدا کە هەوڵ دەدەن قازانجی ئەمریکا بپارێزن و رێگا بۆ دەرباز بوونی هێزەکانیان لە عێراق بدۆزنەوە (راپۆرتی بەیکر- هەمیلتن)، لە درێژەی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنی کۆنگرە و سەنادا هەوڵ دەدەن پۆستی سەرۆک کۆماریش لە چنگ کۆماریخوازان دەر بێنن. هەر ئەمانەش دەبێ شانبەشان لە پرۆسەیەکی دوو ساڵەدا بچنە پێش.

بۆیە بە هەموو حیسابێک لە دوو ساڵی داهاتوودا چارەنووسی ستراتێژی میلیتاریستی ئەمریکا لە جیهان و دەسەڵاتی کۆماریخوازان لە ناوخۆی ئەمریکادا دیاری دەکرێ. بووش چ دەکا؟ بووش وا پێ دەچێ چلۆن رامسفیلدی کردە قوربانی بۆ سووککردنی باری بونبەستە سەربازییەکەی، ئەمجارەش بە گۆرینی جان ئەبی زێد و جۆرج کەیسی و خەلیلزاد و بە قبووڵی برێک لە پێشنیارەکانی گرووپی بیکەر- هەملتن وا بنوێنێ کە خەریکە "ئاڵوگۆر" پێکدێنێ! لە هەمانکاتدا هەوڵ دەدا بە ناردنی بیست هەزار سەربازی تر جۆرێک لە "سەرکەوتن" بۆ ستراتێژی میلیتاریستی تۆمار بکا. ئەم پلانەی دەسبەجێ لە لایەن دێمۆکراتەکانەوە بە توندی رەتکرایەوە.

ئەوەی بووش دەیەوێ چی بکا شتێکە و راستیەکان چی بەسەردا دەسەپێنن شتێکی دیکەیە. لە دوو ساڵی داهاتوودا فشار لەسەر بووش تادێ قورستر دەبێ. ئیختیاری ئەمریکا وەک جاران هەر سیاسەتی سەریازیە و دیپلۆماسیش هەر لە خزمەت میلیتاریزمدا دەبێ، بەمەش وەزعی عێراق و قەیرانی ئەمریکاش تادێ خرابتر دەبێ. لەوانەیە فشاری راستییەکان ئەمریکا ناچار بکا مل بە هیندێ رێگای سیاسی بدا. ئەمە بەتایبەت بۆ ئیسرائیل، هاوپەیمانی ژمارەیەکی ئەمریکا لە ناوچە، کە لە شەڕی لوبنان و درێژەدانی کوشتار و داگیرکاری لە فەلەستین خێری نەدیوە، زۆرتر چاوەڕوان دەکرێ. بەڵام سەرجەمی قەیرانەکە ساڵی داهاتووش هەر بەرینتر و ئاڵۆزتر دەبێتەوە